بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای خانمان .....

ئامادەبوانی خۆشەویست...

بەیانیتان باش...

بەڕێزان...

ئەمڕۆژەی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنانە، و بەیەكێك لە بۆنە نێودەوڵەتیەكان دادەنرێت، كە دیاری كردنی ڕۆژێكە بۆ هوشیاركردنەوەی كۆی خەڵك سەبارەت بە دۆزێكی گرنگ و بەمەبەستی ئاڕاستەكردنی ئیرادەی سیاسی و توانا مرۆییەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەیەكی جیهانی قووڵ كە بەرۆكی مرۆڤایەتی گرتووە و ، ڕەهەندێكی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بگرە سیاسیشی هەیە ، و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەیوەندی نابەرابەری نێوان ژنان و پیاوان كەلەسەر جیاكاری جۆری كۆمەڵایەتی بنیادنراوەو كارلێكی لەگەڵ دەكات و، دواجاریش وەك كێشەیەكی كۆمەڵایەتی گشتگیر خۆی وێنا دەكات و كاردانەوەی لەسەر كۆی كۆمەڵگەو خێزان و منداڵیش دەبێت.

بۆیە ئاڕاستەكردنی گشت تواناكان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەركێكی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقیە، بەتایبەت كە لە هەرێمی كوردستان ساڵانە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕادەگەیەنرێت و چ لەسەر ئاستی حكومی و چ لەسەر ئاستی ڕێخراوەكان و میدیا جۆرێك لە شارەزایی بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیە درووست بووە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو كچ و ژنانەی لە (2010) ەوە كوژراون یان خۆیان كووشتووە لە (1000) كەس نزیك بوەتەوە ئەم ژمارەیەش، ژمارەیەكی هێندە ترسناكە كە پێویستە هەموومان لە ئاستیدا هەڵوەستەی جددی بكەین و بزانین لە كوێدا لە ئاستی قەبارەی كێشەكە مامەڵەمان نەكردووە، یان كەرەستەو میكانیزمی بەكارهێنراو هێندە كارا نەبووە كە بەر بە تەشەنە سەندنی حاڵەتەكان بگرێت.

هاوكات جگە لە كوشتن ، جۆرەكانی تری توندوتیژی ڕاگەیەندراو و ڕانەگەیەنداراو، لەسەر ئاستی تاك و خێزان و كۆمەڵگاش، هێشتا بەشێوەیەكی بەربڵاو بوونی هەیە، بۆیە ئەركی یاسایی و ئەخلاقی دامەزراوە فەرمی یەكان و ڕێكخراوەكان و میدیاو تاك بەتاكی كۆمەڵگەی ئێمەیە، كە ڕۆڵی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی گشت جۆرەكانی توندو

تیژی بگێڕێت و، خۆی بۆ ستراتیژێکی نیشتیمانی و دوور مەودا لە بری هەڵمەتیکی ساڵانە، سازبدات.

لەو ڕوانگەیەوە، پێمان وایە ئەرکی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخساندنی باشترین هەلومەرجی یاسایی یە بۆ دامەزراوەکانی بواری ژنان، بە تایبەت ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، کە دەبێت وەك هەر دەستە ئەنجومەنێکی تری بوارە جیاوازەکان یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت و کاروبارو پەیکەرو دەست ڕۆییەکانی بەیاسا ڕێکخرابێت، و وابەستەی یەکێك لە دامەزراوە دەستوریەکان بکرێت، هاوکات دەبێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە(8) ی ساڵی (2011) بە جۆرێك هەموار بکرێت، کەلە ئاستی پێویستی ئەو دامەزراوە فەرمیانە بێت کە ئەرکی جێ بەجێ کردنی یاساکەیان لە ئەستۆیە و ، لە ئاستی خواستی ژنان و ئازادیخوازانی هەرێمەکەشماندا بێت، چونکە ئەوە زیاتر لە (8) ساڵە جێ بەجێ دەرێت و کەم و کوڕی و کەلێنەکانی لە بواری پراکتیکی دا بە ڕوونی دەرکەوتوون.

خۆ ئەگەر بمانەوێ ئامانجی دانانی ئەم ڕۆژە جیهانیە لە ئاڕاستەکردنی ئیرادەی سیاسی و بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بێتەدی، ئەوا گرینگە پێگەی ژنان لە نێو دەسەلاتە دەستوریەکان و حیزبە سیاسیەکان و ناوەندەکانی درووستکردنی بڕیار، بەیاسا بەهێز بکەین، ئەمەش تەنها ئەوکاتە بەرجەستە دەبێت کە سیستەمی (کۆتا) لە یاسای حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (17) ی ساڵی (1993) ی هەموار کراو، یاسای کۆمەلەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (18) سالی (1993)، و یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە(15) ی ساڵی (2001)، و یاسای ئەنجومەنی وەزیران و دەستەسەربەخۆکان، بچەسپێنن و بە پەرەنسیپی جیاکاری ئەرێنی، بۆ قۆناغی ڕاگوزەر، ژنانیش پشت بەست بەیاسا دەرفەتی خۆیان وەربگرن، ئەوکات ئەگەرەکانی ئاڕاستەکانی ئیرادەی سیاسیی لە بەرژەوەندی ژنان زیاتر دەبێت، هاوشان لەگەڵ تەواوی ئەو پیاوانەی کە لە ناو حیزبەکان و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێم وەك کێشەو دۆزی کۆمەڵایەتی لە کێشەی ژنان دەڕوانن، دەتوانین بە ئیرادەو ستراتیژ و پلانی باشترو بەهێزتر، ڕووبەڕووی توندوتیژی دژ بە ژنان ببینەوە.

ئامادەبووانی ئازیز...

لەکەس شاراوە نیە کە خراپترین دۆخ بۆ ژن، دۆخی جەنگە، چونکە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ توندوتیژی چەندین هێندە لە دۆخی ئاسایی زیاترە، زەق ترین و

نزیکترین نمونەش ژنان و کچانی یەزیدین، کە جگە لەوەی وەك مرۆڤ و وەك هەڵگری بیرو باوەڕێکی ئاینی جیاواز بوونە قوربانی هێرش و پەلاماری دڕندانەی داعش، هاوکات ژن بونیش کارەساتەکەی لەسەر کردن بە چەند هێندەو، لەگەڵ پەلاماری دڕندانەی پیاوانی نەخۆش و شەهوەتبازی داعشی ڕووبەڕووبوون و لەدەرەوەی خواست و ئیرادەی خۆیان لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە مامەڵەیان پێوە کرا، لەئێستاشدا بەشێکیان هێشتا چارەنووسیان نادیارەو، ئەوانەشی کە گەڕاونەتەوە هێشتا بە ئازاری ئەو برینە جەستەیی و دەروونیانەوە دەناڵێنن کە لە ئەنجامی پەلاماردانیان تووشی هاتوون، هێشتا لە ئۆردوگا و کەمپەکان  لە دۆخێکی نائارامدا ژیان دەگوزەرێنن، بۆیە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکەین، کە هەرچی زووترە شەنگال و گوندەکانی دەروبەری ئاوەدان بکەنەوەو زەمینەی گەڕانەوەی دانیشتوانەکەی لە ڕووی ئەمنی و سەربازی و خزمەتگوزاریەوە بڕەخسێنن، بۆ ئەوەی ژنان و کچانی یەزیدی لانیکەم بە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بەشێك لە برینەکانیان سارێژبێت و هاوکات دەرفەتی چارەسەرکردنیان لە ڕووی دەروونی و بەهێز کردنی تواناکانیان بڕەخسێت، چونکە ئەو دۆخەی بەسەر ئەو ژن و کچانە هاتووە دەهێنێت کە زۆر تایبەت مامەلەیان لەگەڵ بکرێت و کەیسەکەشیان لە گشت ڕوویەکەوە یارای ئەولەویەت پێدانە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، لە سنووری دەسترۆییەکانی خۆمان لە بواری یاسادانان و چاودێری کردن ، خۆمان بە بەرپرس دەزانین بەرامبەر هەر ڕووداوێکی توندوتیژی دژی ژنان ئەگەر هۆکارەکەی بۆشایی یاسایی یان کەموکوڕی بێت لە یاسا بەرکارەکان، وەك چۆن لیژنە تایبەتمەندەکان بە بەرپرس دەزانین لە ئەرکی چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە(8) ی ساڵی (2011) و هەر یاسایەکی بەرکار کە لەبەرژەوەندی ژنان بێت و ئەرکی جێ بەجێ کردنی لە ئەستۆی دامەزراوەکانی تردابێت...

هیوای سەرکەوتن بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەخوازم و دووبارە ڕێزوو حورمەتمان قبووڵ بکەن و وڵات ئاوەدان...